# وانەی دووەم

# فێربوون و مەرجەکانی

## چەمکی فێربوون:

بابەتی فێربوون لە ئیستادا سەرنجی پسپۆرانی توێژینەوەی دەروونی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و پیشەیی هەمەجۆرەکانی بەلای خۆیدا راکێشاوە, چونکە پرۆسەی فێربوون رۆڵێکی کارای هەیە لە پرۆسەی بەدەستهێنانی شێوەی ڕەفتاری و ئەزموون و لێهاتوویی هەمەجۆر و ئەو گۆرانکاریانەی کە لەو شێوانەدا ڕوودەدەن, لەرێگای تێگەیشتن لە پرۆسەی فێربوونەوە, دەکرێ وەڵامی چەندین پرسیارێکی پەیوەست بە ڕەفتاری مرۆیی بدەینەوە, نموونەی ئەو پرسیارانەش وەك:

- بۆچی مرۆڤ لەبارودۆخێکی دیاریکراودا رەفتارێکی دیاریکراو دەنوێنێ؟
- چۆن رەفتار لەلای مرۆڤ دروست دەبیت؟
- ئەو شتە چییە وا لە مرۆڤ دەکات دەستبەرداری رەفتارێکی دیاریکراو ببێ یان پاشەکشەی لێ بکات؟
- ئەو شتە چییە وا لە مرۆڤ دەکات لەبارودۆخی جیاوازدا بەشێوەی جیاواز رەفتار بکات؟

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە مەعریفەی زیاترمان پێ دەبەخشێت لەبارەی ئەو پرەنسیپ و چەمك و یاسایانەی کە رەفتاری مرۆییان کۆنترۆڵکردووە, هەر ئەمەش هاوکاری دایکان و باوکان و دایەنەکان و دەزگا هەمەجۆرەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دەکات لە هێنانە ئارای جۆری فێربوونی خوازراو لەلای تاکەکان.

بەلەبەرچاوگرتنی گرنگی ئەم بابەتە و پەیوەندی بەسەرجەم کایەکانی ژیانەوە بەیەکێك لەو باسە سەرەکیانە دادەنرێت کە دەروونزانیی گشتی و کایەکانی دیکەی وەك دەروونزانی پەروەردەیی گرنگی پێ دەدەن, بۆیە ئەم بابەتە تەوەری سەرەکی دەروونزانیی پەروەردەییە چونکە ئەم کایە گرنگی بەپراکتیزەکردنی پەروەردەیی دەدات کە ئامانجی ئامادەکردنی کەسانێکە کە لەرێگای پێدانی ئەزموونی هەمەجۆر و هاوکاریکردنی لەگەشەی تەواوی سەرجەم لایەنەکانی: ئەقڵی و

جۆڵەیی و هەڵچوونیی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و زمانەوانییەوە, توانای خۆگونجاندن و بەرهەمهێنان و بەخشینیان هەبێت.

*** پرۆسەی فێربوون:**

- فێربوون چالاکیەکی خوددیە و قوتابی بۆ ئەوەی فێری وەڵامدانەوەی پێویست ببێت و خۆی لەگەڵ ژینگەکەدا بسازێنێ بە ئەنجامی دەگەیەنێت و رۆڵی سەرەکی لە پرۆسەکەدا هەیە .
- رۆڵی پەروەردەو فێرکردنیش ئەوەیە کە هەوڵبدرێت لە رێگەی شێواز و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پرۆگرام و ئامرازەکانی ترەوە گۆرانکاری لە ڕەفتاری قوتابی دا بکات .
- فێربوون وەك پرۆسەیەکی عەقلی لە میانەی شوێنەوارەکەیەوە هەست بە روودان و گۆرانکاریەکانی دەکەین.
- کەواتە ئەو گۆڕانکاریە لە کۆتایدا ببێت بە خوویەك ( عادە ) و بەشێك لە رەفتارو کەسێتی مرۆڤ .

*** پێناسەی فێربوون:**

1. بریتیە لە گۆڕانکاری کردن لە رەفتار ئەویش لە رێگای شارەزایی و راهێنانەوە دەبێت و بەردەوامیش لە خۆ دەگرێت . واتە تاك لە هەوڵ و کۆششدا دەبێت تا دەگاتە هێنانەدی حەزوو ئارەزوو ئامانجەکانی .
2. بریتیە لە چاکسازی و باشبوونی بەردەوامی ڕەفتار لەڕێگەی سەرنج دانەوە ئەو چاکسازییە هەستی پێدەکرێت .
3. بریتیە لە هەمووئەو گۆرانکاریەی کەلە ئەنجامی وروژینەرو چالاکییە جۆرراوجۆرەکانەوە روودەدەن.

*** پێناسەی فێرکردن:**

1- فێرکردن بریتیە لە پرۆسەیەکی رێك و پێك و بەمەبەست کە بەپێی چەند پلانێك جێبەجێ دەکرێت بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکارییەکی شیاوو ویستراو لە ڕەفتاری فێرخوازدا.

2- فێرکردن بریتیە لە چالاکی رێك و پێك و پلان بۆ دارێژراو بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەی فێربوون،کە چالاکیەکە لەلایەن مامۆستاوە ئەنجام دەدرێت.

## * مەرجەکانی فێربوون:

### 1-پێگەیشتن:

پێگەیشتن و گەیینی ئەندامەکانی لەش(جەستە)مەرجی سەرەکی فێربوونە ،واتا تاوەکو ئەندامەکان لەلایەنی بایۆلۆژییەوە گەشە نەکەن ،ئەوا فێربوون زەحمەت و مەحاڵ دەبێت.

1. پێگەیشتن هاوبەشە لە نێوان هەموو جۆرە تاکێك بە گشتی ،بەڵام جیاوازن لە فێربوون. هەموو منداڵانی جیهان بۆ نموونە دەتوانن لە تەمەنێکی دیاریکراودا بە پێ برۆن وە لە تەمەنێکی دیاریکراودا باز هەڵبدات ، بەڵام هەموویان وەك یەك فێرنابن.
2. گۆڕانکاریی پێگەیشتن لە بنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ بۆماوە ، بەڵام گۆرانکاری فێربوون لە بنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ ژینگە.
3. فێربوون بە ویست و حەزوو ئارەزووی مرۆڤە و دەسەڵاتی بەسەریاندا هەیە .

### 2-راهێنان و فێربوون:

ڕاهێنان و بە ئاکام گەیاندنی چالاکی جۆراو جۆر هۆکارێکی گرنگە بۆ فێربوون ، واتە ئەو کارو چالاکیانەی راهێنانیان لەسەر دەکرێت و چەند جار دووبارە دەکرێنەوە ، ئەوا باشترو زووتر فێریان دەبین لە ئەوانەی کە دووبارە ناکرێنەوەو ڕاهێنانیان لەسەر ناکەین .

1. ڕاهێنان گرنگی هەیە بۆ جێگیرکردنی بابەتی فێربوو ، بە دووبارە کردنەوەی خوێندنەوەی هۆنراوەیەك یارمەتی دەدات لەسەر جێگیر کردنی و پێگەیشتی بۆ مانەوە لە بیرەوەریەکانمان .
2. یارمەتی دەدات لەسەر زیاتر تێگەیشتن وە روونکردنەوەی بیرکردنەوە ، دووبارەکردنەوەی لەسەر ژماردن یارمەتی دەدات لەسەر تێگەیشتی پێکهاتەکانی وە پەیوەندی نێوان پێکهاتەکان .

## 3- ڕێگاکانی وانەوتنەوە و فێربوون :

1.پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان فێربوون و شێوازو ڕێگاکانی وانە گوتنەوەدا هەیە ، واتە هەندێك ڕێگاو شێواز باشترو خێراتر دەبنە هۆی فێربوون و فیرخواز زیاتر سوودیان لێ وەردەگرێ .

2. هیچ ڕێگاو شێوازێکی وانە ووتنەوە بە تەواوی باش یان خراپ نیە ، بەڵکو هەریەکەیان باشی و خراپی خۆی هەیە ، واتە باشیەکەی ئەوەیە کە بۆ بابەت و قۆناغێك گوونجاوە بەڵام خراپیەکەی ئەوەیە کە بۆ بابەت و قۆناغ و کاتێکی تر گونجاو نیە .

## 4- ئامراز و تەکنەلۆژیای ڕوونکردنەوە و فێربوون:

1. بەکارهێنانی کەرەستەو ئامرازەکانی ڕوونکردنەوە (کۆمپیوتەر،کاسێت و سی دی، نەخشە، TV، ...هتد) سوودیان بۆ فێرخواز هەیە و باشتر فێردەبێت لەئەوەی ئەگەر بەکاریان نەهێنێت.

2. مامۆستا تا دەتوانێت با سوود لە هەستەوەرەکانی فێرخواز وەربگرێت لە ڕێگەیانەوە زانیاری و شارەزاییەکان بگەیەنێتە مێشکی قوتابی .

## 5- پاداشت و هاندان و فێربوون:

پاداشت و هاندان گرنگی خۆیان لە پرۆسەی فێربوون و فێرکردندا هەیە، واتە ئەو فێربوون و ڕەفتارو چالاکیانەی کە پاداشت دەکرێین، ئەوا زووتر فێریان دەبین و بە ئاسانی دێنەوە یادمان و درەنگ لەبیردەچنەوە و بەئاسانی دووبارە دەبنەوە.

## 6-پاڵنەرەکان و فێربوون:

هەرکاتێك فێرخواز پاڵنەری بۆ خوێندن هەبوو،وە حەزوو ئارەزووی لەبابەت و خوێندنەکە هەبوو، ئەوا باشتر فێردەبێت ،ئەگەر بەراوورد بکرێت بە فێرخوازێکی تر کە حەزوو ئارەزووی لە خوێندن نیە .

## * ئەو هۆکارانەی کە کاریگەریان هەیە لەسەر چالاکی کردەی فێربوون و فێرکردن:



## * جیاوازی نێوان فێربوون و فێرکردن

| فێربوون | فێرکردن |
|---|---|
| 1- گۆڕانکاری بەردەوامە لەڕەفتاری مرۆڤ | 1- ڕێکخستن و سازاندنی ژینگەی فێربوونە |
| 2- مەبەست و ئامانجی سەرەکییە لەپرۆسەی پەروەردە | 2- ئامرازوو کەرەستەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی فێربوون |
| 3- پەیوەستەو تایبەتە بە فێرخواز | 3- پەیوەستەو تایبەتە بە مامۆستا |
| 4- هەندێك جار فێربوون ڕوودەدات بەبێ فێرکردن | 4- هەندێك جار فێرکردن نابێتە هۆی فێربوون |
| 5- فێربوون پێوەرو نیشانەی سەرکەوتنی پرۆسەی فێرکردنە | 5- فێرکردن پێوەرو ئاماژە نیە بۆ کاریگەریی و سەرکەوتنی فێربوون |
| 6- فێربوون بریتیە لە پرۆسەی کارلێکردنی مرۆڤ لەگەڵ ڕووداوو شارەزایی و وروژێنەرەکانی ژینگەو جیهانی دەرەوە . | 6- فێرکردن بریتیە لە پرۆسەی ڕێکخستنی شارەزایی و ڕووداوەکان لە ژینگەی فێربووندا. |
| 7- فێربوون ڕووداوو ڕەفتاری ناوەوەی مرۆڤەو پەیوەستە بە قوتابییەوە | 7- کارو چالاکییەکی دەرەکیە لە ژینگەو دەوروبەرەوە بۆ قوتابی |